# دادوەری و قەزاوەت لە ئیسلامدا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

زاگرۆس هەمەوەندی

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١١ - ١٤٣٢

IslamHouse.com

# ﴿ القضاء في الإسلام ﴾

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# دادوەری و قەزاوەت لە ئیسلامدا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە وپەروەدگار کە یەکێك لەناوە جوانەکانی (العدل)ە وتەواوی دادگەری و صیفەتی جوانی عەدل لەو ولەشوێنەواری بەدیهێناراوەکانیدا بەرجەستە بوو، وە درود و ڕەحمەتی فراوان بۆ سەر گیانی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی کە توانی لەماوەی پێغەمبەرێتیەکەیدا حکومەتێکی نمونەی لەدادگەری وعەدالەت بەهەموو چەمکەکانیەوە بەرجەستە بکات، وە بۆ گیانی ئال وبەیت هاوەڵە بەڕێزەکانی کە شوێن پێی ئەویان هەڵگرت لە جیێ بەجێکردنی صیفەتە جوانەکانیدا .

خۆشەویستان بەدوو ئەڵقە خوای گەورە یارمەتیدەر بێت کوورتەیەکتان پێشکەش ئەکەین لەسەر دادوەری و قەزاوەت لە ئیسلامدا، ئێستاش ئێوە و بەشی یەکەمی .

**یەکەم: پێناسەکەی ( القضاء = دادوەری ) :**

لەزمانی عەرەبیدا بەم مانەیە دێت: حوکم وبریار، کۆتایی هێنان وتەواو بوون، پێدانەوەی قەرز ، دروست کردن، بەم مانایانە هەمووی لە قورئاندا هاتووە.

وە لە شەرع دا: کۆتایی هێنانە بەکێشەی نێوان دووکەس یا زیاتر بەبریاری خوا وپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ).

**دووەم: مەشروعیەتی ( القضاء = دادوەری ) :**

خوای گەورە دەفەرموێت : (وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ) {المائدە: ٤٩} واتە:وەك فەرمانمان پێ کردی ئەی موحەممەد کەلەنێوانیاندا حوکم بکەیت بەو ئایینەی خوا

دایبەزاندووە . وەخوای گەورە دەفەرموێ: (يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ) {ص: ٢٦} واتە: ئەی داود ئێمە تۆمان کردووە بەجێنیشینی (پێغەمبەرانی پێش خۆت) لەزەویدا دەی تۆش بەهەق دادوەری بکە لەنێوان خەڵکیدا .

عن عَمْرِو بن الْعَاصِ أَنَّهُ سمع رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم ) يقول: إذا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ وإذا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ . { رواه البخاري (٧٣٥٢) ومسلم (١٧١٦).}

واتە : عەمری کوری عاص ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ دەڵێ: گوێی پێغەمبەری خوابوو (صلى الله عليه وسلم ) دەیفەرموو: ئەگەر دادوەر دادوەری نێوان خەڵکی کرد و کۆششی کردو پاشان ڕاستی پێکا، ئەوە دووپاداشتی بۆ هەیە وەئەگەر دادوەری کردو کۆششی کردو هەڵەی کرد ئەوە پاداشتێکی بۆ هەیە .

### سێ یەم: حوکمی دادوەری:

فەرزی کیفایەیە و پێویستە گەورەی موسڵمانان دادوەر دابنێ لە شارەکاندا بەپێی پێویست بۆ دادوەری کردن لەنێوان خەڵکدا، چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) عەلی بەدادوەر نارد بۆ یەمەن هەروەها جێنیشینە ڕاستەکان خۆیان دادوەر بوون و دادوەریشیان بۆ شارو وڵاتەکان داناوە .

### چوارەم: حیکمەتی دانانی دادوەری:

گومانی تێدانیە خەڵك لەژیاندا کێشەیان دەبێت و پێویستیان بەکەسێك هەیە لەنێوانیاندا بریار بدات کێشەکەیان کۆتایی پێ بهێنێ وە زۆرجار دەسەڵاتدار ستەم لەبێ دەسەڵات دەکات بۆیە بوونی دادوەر زۆر پێویستە دادپەروەری لەزەویدا بەرپا بکات وەنەهێڵێ کەس ستەم لە کەس بکات زۆرێك لە کێشەی کۆمەڵایەتی بەدادوەر چارەسەر دەکرێ وەك کێشەکانی ژن و مێردایەتی و چارەسەر کردنی .

### پێنجەم: مەرجەکانی قازی و دادوەر:

أ ـ باڵغ و ژیرو موسڵمان بێت .

ب ـ پیاو بێت، دروست نییە ئافرەت دادوەر بێت خوای گەورە دەفەرموێ: (الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ) {النساء: ٣٤} واتە: پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر ئافرەتانەوە بەهۆی ئەوەوە خوای گەورە هەندێکیانی بەرزکردۆتەوە

بەسەر هەندێکیاندا . وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: (لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْرَهُمْ امْرَأَةً) { رواه البخاري (٧٠٩٩)}.

واتە : هیچ گەلێ سەرکەوتوونابن گەورەو فەرمان ڕەوایان ئافرەت بێت .

لەبەرئەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) لەژیانی خۆیدا قازی زۆری داناوە لەناویاندا ئافرەتی دانەناوە هەروەها جێنیشینەکانیش بەهەمان شێوە .

ج ـ پابەندبێت بەئیسلامەوە (العدالة) چونکە دادوەر بڕیار بۆ خەڵك دەدات نابێ خۆی کەسێکی ناڕێك و گوناهبار بێت .

د ـ بیستنی تەواو بێت: نابی کەڕ بێت چونکە ئەو لەنێوان خەڵکدا گوێ لەقسەیان دەگرێ جا بڕیار دەدات ئەگەر نەبیستێ چۆن دەتوانێ بڕیاری دروست بدات .

هـ ـ بینین: دەبێت بینا بێت تا بە چاکی خاوەن کێشەکان بناسێت و فێڵی لێ نەکرێ .

و ـ قسە کردن: لاڵ بۆ دادوەر نابێ چونکە دادوەر پێویستی بە قسەکردن هەیەلەگەڵ سکاڵاچیەکاندا وەڵام دانەوەی قسەیان فەرمانکردن بۆ نوسینی بڕیارەکە لەلایەن نوسەری دادگاوە ...

ز ـ بتوانێ بەکاری دادوەری هەڵبستێت : نابێ لاوازو ترسنۆك بێت ئەگەر وابێ دادوەری پێ ناکرێ.

ح ـ شارەزاو خوێندەواربێ: ئەوەندە خوێندەوار بێ گەیشتبێتە ڕادەی (اجتهاد) باشترە ئەگەرنا دەبێ زۆر خوێندەواربێ تا بەچاکی بتوانێ وەڵامی هەموو پرسیارو کێشەیەك بداتەوە .

عن ابن بُرَيْدَةَ عن أبيه عن النبي (صلى الله عليه وسلم ) قال: الْقُضَاةُ ثَلَاثَةٌ وَاحِدٌ في الْجَنَّةِ وَاثْنَانِ في النَّارِ فَأَمَّا الذي في الْجَنَّةِ فَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَقَضَى بِهِ وَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَجَارَ في الْحُكْمِ فَهُوَ في النَّارِ وَرَجُلٌ قَضَى لِلنَّاسِ على جَهْلٍ فَهُوَ في النَّارِ) { رواه أبو داود(٣٥٧٣) والترمذي(١٣٢٢) وابن ماجة (٢٣١٥) وهو حديث صحيح } .

واتە : بورەیدە ـ ڕەزای خوای لێبی ـ دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: (دادوەرەکان سیانن، یەکێکیان لە بەهەشت دایە و دوانیان لەدۆزەخدان جا ئەوەیان کەلە بەهەشت دایە ئەوە پیاوێکە حەق دەزانێ و بڕیاری پێدەدات، بەڵام پیاوێك

حەق دەزانێ بەڵام لەپیارو دادوەریدا ستەم دەكات ئەوەیان لەئاگری دۆزەخ دایە وەپیاوێك بەنەزانی دادوەری بۆ خەڵك دەكات ئەوە ئەویش لە ئاگردایە.

**شەشەم: گەورەی دادەوەری:**

عَبْدَ اللَّهِ بن مَسْعُودٍ قال: قال النبي (صلى الله عليه وسلم ) : لَا حَسَدَ إلا في اثْنَتَيْنِ رَجُلٌ آتَاهُ الله مَالًا فَسُلِّطَ على هَلَكَتِهِ في الْحَقِّ وَرَجُلٌ آتَاهُ الله الْحِكْمَةَ فَهُوَ يَقْضِي بها وَيُعَلِّمُهَا . { رواه البخاري (٧٣١٦) و مسلم (٨١٦) } .

واته : عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود ـ ڕەزای خوای لێبی ـ دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: حەسوودی ڕەوانیە لە دووشت دا نەبێ: پیاوێك خوای گەورە سەروەت وسامانێكی پێبدات لە حەق و ڕاستیدا خەرجی بكات وە پیاوێك خوای گەورە داناییەكی پێبدات جا دادوەری پێبكات لەنێوان خەڵكیداو فێری خەڵكیش بكات.

**حەوتەم: ترسناكی دادوەری كردن :**

عن أبي هُرَيْرَةَ أنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم )  قال من وَلِيَ الْقَضَاءَ فَقَدْ ذُبِحَ بِغَيْرِ سِكِّينٍ { رواه أبو داود (٣٥٧١) والترمذي (١٣٢٥) وابن ماجة(٢٣٠٨) وهو حديث صحيح } .

واته : ئەبوهورەیرە ـ ڕەزای خوای لێبی ـ دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: (هەركەسێك بكرێتە دادوەر ئەوە بەبێ چەقۆ سەربڕاوە).

**هەشتەم: ئادابەكانی دادوەری:**

أ ـ دادپەروەر بێت لەنێوان داواكار و داوالێكراودا :

عن عَلِيٍّ رضي الله عنه قال بَعَثَنِي رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم ) إلى الْيَمَنِ قَاضِيًا فقلت يا رَسُولَ اللَّهِ تُرْسِلُنِي وأنا حَدِيثُ السِّنِّ ولاعلم لي بِالْقَضَاءِ فقال إنَّ اللَّهَ سَيَهْدِي قَلْبَكَ وَيُثَبِّتُ لِسَانَكَ فإذا جَلَسَ بين يَدَيْكَ الْخَصْمَانِ فلا تَقْضِيَنَّ حتى تَسْمَعَ من الْآخَرِ كما سَمِعْتَ من الْأَوَّلِ فإنه أَحْرَى أَنْ يَتَبَيَّنَ لك الْقَضَاءُ قال فما زِلْتُ قَاضِيًا أو ما شَكَكْتُ في قَضَاءٍ بَعْدُ . { رواه أبو داود(٣٥٨٢) والترمذي (١٣٣١) وابن ماجة (٢٣٠٨) وهوحديث صحيح }.

واته : ئیمامی عەلی ـ ڕەزای خوای لێبی ـ دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بەدادوەر ناردمی بۆ یەمەن منیش ووتم تۆ دەمنێری لەکاتێکدا من تەمەن کەم و شارەزاییم نیە لە دادوەری ؟ فەرمووی: (بێگومان خوا دڵت ڕێنموون دەکات و زمانت دامەزراو دەکات جا ئەگەر هەرکات داواکارو داوالێکراو لەبەردەمت دا دانیشتن بڕیارمەدە هەتا گوێ لە دووەمیشیان نەگری وەك چۆن گوێت لەیەکەمیان گرت چونکە بێگومان ئەوە چاکتر بڕیاردانت بۆ ڕوون دەکاتەوە، عەلی دەڵێت : ئیتر هەر قازی بووم یا ووتی : هیچ کات لە دادوەریدا گومان و دوودڵیم تووش نەبووە.

ب ـ بە ئاسانی خەڵك بگەنە لای :

عن أَبي مَرْيَمَ الأزدي قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم ) يَقُولُ « مَنْ وَلاَّهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ شَيْئًا مِنْ أَمْرِ الْمُسْلِمِينَ فَاحْتَجَبَ دُونَ حَاجَتِهِمْ وَخَلَّتِهِمْ وَفَقْرِهِمُ احْتَجَبَ اللَّهُ عَنْهُ دُونَ حَاجَتِهِ وَخَلَّتِهِ وَفَقْرِهِ .{ رواه أبو داود (٢٩٤٨) والترمذي (١٣٣٣) وهو حديث صحيح.}.

واتە : ئەبو مەریەمی ئەزدی ـ ڕەزای خوای لێبێ ـ دەڵێ: لەپێغەمبەری خوام بیست (صلى الله عليه وسلم )دەیفەرموو: (هەرکەسێ خوا شتێکی لەکاروباری موسڵمانان دایەدەستی ڕێگری کرد لەوەی پێویستی نەدارو هەژاریان بگاتەلای خواش ڕێگری دەکات لەپێویستی و نەداری و هەژاری بگاتە لای خوا.

ج ـ دروست نیە بەرتیل ودیاری وەربگرێت:

عن عبد اللَّهِ بن عَمْرٍو قال لَعَنَ رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم ) الرَّاشِي وَالْمُرْتَشِي . { رواه الترمذي (١٣٥٢) وابن ماجة (٧٧٥) وهو حديث صحيح.}

واتە : عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ـ ڕەزای خوای لێبێ ـ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ڕێگری دەکات نەفرینی کرد لەبەرتیل دەرو لە بەرتیل وەرگر.

د ـ لە کاتی تورەیدا نابێ بڕیار بدات:

قال أَبُو بَكْرَةَ رضي الله عنه سَمِعْتُ النبي (صلى الله عليه وسلم ) يَقُولُ « لاَ يَقْضِيَنَّ حَكَمٌ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَهْوَ غَضْبَانُ » .{ رواه البخاري (٧١٥٨) ومسلم (١٦/١٧١٧)}.

واتە : ئەبو بکر ـ ڕەزای خوای لێبێ ـ دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام بیست (صلى الله عليه وسلم ) دەیفەرموو: هیچ کەس لەنێوان دوو کەس دا بڕیار نەدات لەکاتێکدا زۆر تورەیە.

هـ ـ دروستە دادوەر کەسانی تر هاوکاری بن :

عَنْ أَنَسٍ أَنَّ قَيْسَ بْنَ سَعْدٍ كَانَ يَكُونُ بَيْنَ يدي النبي (صلى الله عليه وسلم ) بِمَنْزِلَةِ صَاحِبِ الشُّرَطِ مِنَ الأَمِيرِ .{ رواه البخاري (٧١٥٥)}

واتە : ئەنەسی کوڕی مالیك ـ ڕەزای خوای لێبێ ـ دەڵێ: قەیسی کوڕی سەعد هەمیشە لەنزیکی پێغەمبەردا بوو (صلى الله عليه وسلم ) وەك نزیکی پۆلیس لەگەورەکەیەوە.

و ـ دروستە قازی ـ دادوەر ـ تکاو ئامۆژگاری بکات :

عَنْ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه أَنَّهُ تَقَاضَى ابْنَ أَبِى حَدْرَدٍ دَيْنًا كَانَ لَهُ عَلَيْهِ فِي عهد رسول الله(صلى الله عليه وسلم ) في الْمَسْجِدِ، فَارْتَفَعَتْ أَصْوَاتُهُمَا حَتَّى سَمِعَهَا رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم ) وَهْوَ فِي بَيْتِهِ، فَخَرَجَ إِلَيْهِمَا رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم ) حَتَّى كَشَفَ سِجْفَ حُجْرَتِهِ فَنَادَى كعب بن مالك فقال: «يَا كَعْبُ». قَالَ لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فأشار إليه بيده أن «ضَعْ الشطر مِنْ دَيْنِكَ». قَالَ كعب قَدْ فَعَلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ «قُمْ فَاقْضِهِ»{ رواه البخاري (٤٥٧) ومسلم (١٥٥٨)}.

واتە : کەعبی کوڕی مالیك (ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم ) قەرزێکی بەلای ئەبوحەدرەدەوە بوو لەمزگەوتدا داوای کرد بیداتەوە، بوویە دەنگە دەنگیان و دەنگیان بەرزبوویەوە تاپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) لەماڵی خۆیانەوە گوێی لێ بوو جاهاتە دەرەوە بۆلایان وەپەردەی ژورەکەی لادا و کەعبی کوڕی مالیکی بانگ کرد فەرمووی: (ئەی کەعب) ووتی لەخزمەتدام ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بەدەستی ئاماژەی کرد نیوەی قەرزەکەت داشکێنە کەعبیش ووتی ئەوە دامشکاند ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) پێغەمبەریش فەرمووی: (تۆش ـ ئەبوحەدرەدـ هەستە قەرزەکەی بدەرەوە).

ز ـ بڕیاری دادوەر ڕاستی ناگۆڕێت :

هەرکەس دادوەر بڕیاری شتێکی بۆدا کەمافی براکەیەتی با نەیبات چونکە بڕیاری دادوەر حەڵاڵ حەرام ناکات و حەرامیش حەڵاڵ ناکات .

عن أُمَّ سَلَمَةَ رضي الله عنها زَوْجَ النبي (صلى الله عليه وسلم ) أَخْبَرَتْهَا عن رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم ) أَنَّهُ سمع خُصُومَةً بِبَابِ حُجْرَتِهِ فَخَرَجَ إِلَيْهِمْ فقال إنما أنا بَشَرٌ وَإِنَّهُ يَأْتِينِي الْخَصْمُ فَلَعَلَّ بَعْضَكُمْ أَنْ يَكُونَ أَبْلَغَ من بَعْضٍ فَأَحْسِبُ أَنَّهُ صَدَقَ

فَأَقْضِيَ له بِذَلِكَ فَمَنْ قَضَيْتُ له بِحَقِّ مُسْلِمٍ فَإِنَّمَا هِيَ قِطْعَةٌ من النَّارِ فَلْيَأْخُذْهَا أو فَلْيَتْرُكْهَا. { رواه البخاري(٢٤٥٨) ومسلم (١٥٥٨)}.

واته : ئوم سەلەمە ـ رەزای خوای لێبێ ـ کە خێزانی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم ) دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) گوێی لە دەمەقاڵەیەك بوو لەبەردەرگای ژوورەکەیدا جا ڕۆیشتە دەرەوە بۆ لایان و فەرمووی: بێگومان من مرۆڤێکم وەك ئێوە بەڕاستی داوا چیەکان دێنە لام جا لەوانەیە هەندێکیان قسە زانتربن لە هەندێکتان منیش گومان دەبەم ئەو کەسەیان ڕاست دەکات و بڕیاری بۆ دەدەم جاهەرکەس بڕیارم بۆدا حەقی موسڵمانێك بۆ ئەوبێت ئەوە بێگومان پارچەیەکە لە ئاگری دۆزەخ دەی با هەڵیگرێ یا وازی لێ بهێنێ .

**نۆیەم: تاوانی ئەو کەسەی داواکاری شتێك بێت کەموڵکی ئەونیە:**

بەڵگەی ئەمە فەرموودەکەی ئوم سەلەمەیە کەپێش ئەم بڕگەیە باسمان کرد .

**دەیەم: تاوانی ئەوکەسەی بەدرۆ سوێند دەخوات بۆ ئەوەی ماڵی خەڵکی پێ بخوات :**

عن عبد اللَّهِ بن مسعود رضي الله عنه قال قال رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) من حَلَفَ على يَمِينِ صَبْرٍ يَقْتَطِعُ بها مَالَ امْرِئٍ مُسْلِمٍ لَقِيَ اللَّهَ وهو عليه غَضْبَانُ . { رواه البخاري (٢٦٧٠) ومسلم (١٣٨/٢٢٠)}.

واته : عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود ـ رەزای خوای لێبێ ـ دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: هەرکەس سوێندبخوات بەسوێندێکی درۆ ماڵی موسوڵمانێکی پێ بچڕێ بۆخۆی گوناهبارو درۆزن بێ لەوسوێندەدا کەبەخزمەت خوای گەورە دەگات ـ لەدواڕۆژدا ـ زۆر لێی تورەیە

**یانزەیەم: ڕێگاکانی چەسپاندنی داواکاری :**

أ ـ داوا لێکراو دەبێت سوێند بخوات : عن ابن عَبَّاسٍ أَنَّ النبي (صلى الله عليه وسلم ) قال لو يُعْطَى الناس بِدَعْوَاهُمْ لَادَّعَى نَاسٌ دِمَاءَ رِجَالٍ وَأَمْوَالَهُمْ وَلَكِنَّ الْيَمِينَ على الْمُدَّعَى عليه . { رواه البخاري (٤٢٧٧) ومسلم (١٧١١)}

واته : عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ـ رەزای خوای لێبێ ـ دەگێڕێتەوە کەپێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: ئەگەر ئەوەی خەڵکی داوادەکەن ـ لەسەرخەڵکی تر ـ پێیان بدرێت، بێگومان خەڵکانێ داوای خوێن وسامانی کەسانێکیان

دەكرد ـ بەناڕەوا ـ بەڵام داوا لێكراو سوێند خواردنی لەسەرە. ئەگەر داواكار شایەتی نەبوو.

ب ـ دان پێدانان: ئەگەر تاوانبار دان بنێت بەتاوانەكەیدا دادوەر كار بەو دان پێدانانە دەكات و بڕیاری لەسەر دەدات.

عن أَبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه وَزَيْدَ بْنَ خَالِدٍ الجهني وفيه: وَاغْدُ يَا أُنَيْسُ عَلَى امْرَأَةِ هَذَا، فَإِنِ اعْتَرَفَتْ فَارْجُمْهَا». فَغَدَا عَلَيْهَا فَاعْتَرَفَتْ فَرَجَمَهَا.{ رواه البخاري (٢٦٩٥،٢٦٩٦) ومسلم (١٦٩٧،١٦٩٨).}

واتە : ئەبوهورەیرە و زەیدی كوڕی خالیدی جوهەنی ـ ڕەزای خوایان لێبی ـ دەگێڕنەوە كە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی: ئەنەسە بچكۆل پڕۆ بۆلای ژنی ئەم پیاوە جا ئەگەردانی نا بەزیناكەیدا ئەوا بەردبارانی بكە تادەمرێ.

ج ـ دادوەر یان بەشایەتی دووپیاو یان بەشایەتی پیاوێك و دوو ئافرەت بڕیار دەدات :

خوای گەورە دەفەرمووێ:( وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى) {البقرة:٢٨٢} واتە: دووپیاوی موسڵمان لەخۆتان بگرن بەشایەت ـ لەقەرزدان و مامەڵەدا ـ جا ئەگەر دووپیاو نەبوو پیاوێك ودوو ئافرەت بن لەو كەسانەی كەلێیان ڕازین لە شایەتەكاندا نەوەك ئافرەتێكیان لەبیری نەمێنێ ئافرەتەكەی تریان بیربخاتەوە .

د ـ یان دادوەر بەشایەتی پیاوێك و سوێندی داواكەر بڕیار دەدات :

عن ابن عَبَّاسٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَضَى بِيَمِينٍ وَشَاهِدٍ . { رواه مسلم (١٧١٢/٣).}

واتە : عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس ـ ڕەزای خوای لێبێ ـ گێڕاویەتیەوە كە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) بەسوێندی دواكەر و شایەتێك بڕیاری داوە .

بەم شێوەیە هاتینە كۆتایی بەشی یەكەم بەیارمەتی خوای گەورە لەبەشی دووەمدا پێتان دەگەینەوە، تا ئەو كاتە بەخوای گەورەتان دەسپێرم وخواتان لەگەڵ

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم